# سروودی ئەی ڕەقیبو سەرنج

موحسین شوانی

دوای خستنەڕووی کۆمەڵێك بۆچوونو تێبینی لەسەر سروودی نیشتمانی (ئەی ڕقیب)، کە ڕۆژنامەی کۆمەڵ لە ژمارەکانی (٢٠٢و٢٠٣و٢٠٤)دا، فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینیو چاوپێکەوتنەکانی بەڕێزان وەزیری ئەوقافو مامۆستا حەمید غەفورو یاسا ناس د. نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو کەسایەتی ناسراو، کە هەڵەو ناتەواوییەکانی سرودەکەیان لە ڕووی مێژوو ئاینەوە، دوپاتکردەوە، دیارە لە بەرامبەریشدا هەندێ نوسەر لە ڕۆژنامەکان بە تایبەتی (میدیا) کەوتنە وەڵامدانەوەیان. ئەگەرچی بەر لەو مشتومڕە من لە گۆڤاری پەیامی ڕاستی ژمارە (٧٣) بابەتێکم بەناونیشانی (پیرۆزی ئاڵاو سروودی ئەی ڕەقیب) بڵاوکردوەتەوەو تێبینییەکانی خۆم دەربڕیوە، بەڵام بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو وەڵامێك بۆ بابەتەکانی ڕۆژنامەی میدیا بە پێویستی دەزانم ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بنوسم، چونکە ڕۆژنامەی میدیا تەنها نووسینی چەند نووسەرێکی تایبەت بە خۆی بلاو دەکاتەوە کاتێ وەڵامیشیان دەدرێتەوە، بەداخەوە میدیا بڵاوی ناکاتەوەو ڕێز لە ڕای بەرامبەری ناگرێ، وەك لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان کراوە لە ماڵی خوداو لەوڵاتی سعودیە، کە بەداخەوە دووربوو لە ڕاستی بێگومان کە باس لە هەڵەکانی سروودی ئەی ڕەقیب دەکرێ مانای بەکەم زانینیو کەم نرخاندنی ڕۆڵی کورد پەروەرانەی شاعیر نییە. کوردستان موکریانی لە پێشەکی دیوانەکەی دڵداردا بەم شێوەیە وەسفی دڵدار دەکات:" دڵدار.. دڵداری خاکی کوردستان، گەلێ هۆنراوەی بەرزی نیشتمانی هۆنیوەتەوە.. لە نێو هۆنراوەکانیدا خەباتی نیشتمان پەروەرانو تێکۆشەرانی کورد.. ئەوانەی گیانی شیرینیان بە کوردستانی مەزن بەخشیوە بە خوێنی ئاڵیان درەختی ئازادی کوردستانیان ئاو داو خۆیان کردە قوربانی خاکی پاکی کوردستانی پیرۆز).

ـ ئێمەی کورد نەوەی کێین؟! ئەمە وونە لە نێو تاریکی مێژوودا، نەتەوەی میدیا، کەیخوسورەو، دارا، ئەی بۆ نەوەی کاوە نەبین؟! دوای (٢٧٠٠) ساڵ لە شانازی کردن بە کاوەو نەوزرۆز، کەچی ئێستا بۆمان دەرکەتووە، ئەو جەژنە ئاوەژوو کراوە، ڕۆڵی نواندنی کارەکتەری ڕاستەقینە شێوێنراوە، گوایە زووحاك کوردبووە، ٢٧٠٠ساڵ ئاهەنگ بۆ مەرگی نەتەوایەتی خۆمان دەگێڕین! ئەگەر نەورۆز جەژنی نەتەوەیی کوردبێت بۆ ئەفغانو هیندیو پاکستانیو فارسەکان دەیکەن بە جەژنی خۆیان، یا زڕ براکانمان وەکو شتەکانی تر لێیان دزیوین!! ئەوان بە بێ جەژنو مێژوو شارستانیەت بۆیە کردوویانە بەهی خۆیان.

ـ ئەگەر ئاڵا نیشانەی سەروەری وولات بێت نەك گەلێکی تایبەت ئەوە نییە عەرەب خاوەنی زیاتر لە بیست ئاڵانو چۆنیەتی ئاڵاو نیشانە ڕەنگی دەگۆڕێو بە هۆی گۆڕانکاری سیاسیو مێژوویيو جوگرافیو کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ـ خەڵكی تری غەیرە كورد شانازی بە (صەلاحەددین)ەوە دەكات، كەچی ئێمە نەفرەتی بۆ دەنێرین! چونكە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەوسای خۆیدا بیری لە نەتەوەو نەتەوایەتی نەكردۆتەوەو بە عەقڵی كادیرانی حزبو ناسیۆنالیستەكانی ئەمڕۆی نەكردوەو دەوڵەتۆكەیەكی بۆ كورد دانەمەزراندووە!

ـ (ئەی ڕەقیب، وەتەن، تۆپی زەمانو حاچر). نزیكەی ٦٠ ساڵە نووسراوە ووشەكانی عەرەبین، ڕەنگی سووری كۆمۆنیستی، كەی لەگەڵ كوردو مێژوو ئایینو دەگونجێ؟ ئەوەندە سروودی حزبی لە باخچەی ساوایانو خوێندنگاو قوتابخانەكان دەوترێنەوە ئەوەندە گرنگی بە سرودی (ئەی ڕەقیب) نادرێ.

ـ منێكی موسڵمان زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵە ئیسلام بۆتە ئایینو مێژوو كلتورو شارستانیەتم، بمكەی بە نەوەی ئاگرپەرستو شانازی بكەی، چۆن قبوڵ بكەم، كەچی تۆ قبوڵی ڕێز بۆ ئایینو نەتەوە یەك دانانێی ئەم سروده نەك هەر لە ڕوی ئاینەوە ناتەواوە بەڵكو هەڵەی مێژوویشی تیاییە ئەوەی دەشڵێ دڵدار لەو سەردەمەدا كەس گلەیی لێنەكردووەو نەیووتووە (دینمان، ئاینمان، هەر نیشتنمان) كوفرە،ئەو كات خەڵك زیاتر پابەند بووە بە ئیسلامەوە، چونكە ئەو كات بلاوكردنەوەو ڕاگەیاندن بەم شێوەیە نەبووە، بەڵام لە شیعرێكی تردا، گەواهی ئەم هەڵوێستە دەدات كە ئەو كاتیش پێشیان وتوە، ئەمە ناڕەوایەو بێ ئیمانییە، لە شیعری (كوردستان)دا دڵدار كوردستان دەكات بە قیبلەو خالقی خۆی و لە دێڕی كۆتاییدا بێگومان دڵنیایی خۆی لە قیبلەگاهی كوردستاندا دووپاتدەكاتەوە.. هەروەها لەشیعری (ئەی خودایە) دوای ناشوكریو ناڕەزایی دەربڕین بە (خودا) دەڵێ: چارم نییە حاكمێكی تر شك نابەم، ئەگەرنا ئەچووم سكالام لای دەكرد، چونكە تۆ خودایە هیچ سودت نییە بۆ ئینسان:

گەر لە ئەفلاكا هەبایە حاكمەكی تر بەرقەرار
سا ئەچووم ئەمووت: خودای من سوودی ئینسانی نییە
ڕەنگە كەمدیدەو مەلایان هانی خەڵكی وابدەن
كوشتنی دڵدار حەڵاڵە چونكە ئیمانی نییە*

ـ لەلایەكی ترەوە ئەگەر سروودەكە هیچ ئاماژەیەكی بۆ ئایینی زیاتر لە ٩٥٪ نەتەوەی كورد نەكردبێ، بۆ ئایینم بكرێ بە نیشتمان، بەڵێ بەرگریكردنو خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕەوەیە، ئاینەكەمان ئەوەمان پێ دەڵێو پێویستە خۆبەخت كەین لە پێناویدا.

ـ ئایا ئیسلام ڕێگربووە لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی كوردی؟ مێژوو پڕیەتی لە خەباتو پێشەوای شێخو مەلاو قازی، كە هەردەم بۆ ئازادیو ڕزگاركردنی خاكو ولات لە خۆبەخت كردندا ئامادەبوونە بەڵام بە داخەوە، مێژووش پڕیەتی لە خیانەت و برا كوژی هیچ كاتێ دوژمنانی كورد، نەیانتوانییەوە ڕاستەوخۆ پەلاماری كوردبدەن، تەنیا لە ڕێی خائینو جاشو ئەڵقە لە گوێكانیان نەبێت، ئەرێ لە ماوەی شەڕی ناوخۆردا، بۆڕێز، لە میللەت، لە خەبات، پێشمەرگە، مێژوو، كوردستان، شەهیدان، ئالا، سرودی ئەی ڕەقیب، نەگیرا؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوانەی دەڵێن سروودی نیشتمانیمان لێ تیرۆر دەکەن؟ با لەتیرۆرو خوێنڕشتنی کوردو کورد هاواریان لێهەڵسابا، چونکە خوێنی کوڕە کوردێك زۆر لە دەستکاری شعرێك گەورەترە، یان ئەوەش کێشەیەکی ڕێزمانیو زمانەوانیو نووسینو دیالێکتە بۆ دەبێ نوسینمان بکەینە لاتینیو بیگۆڕین لە کاتێکا ئەوەی هەمانە بەمشێوەیە نووسراوە، ئەمە قابیلی گۆڕانە بەڵام شیعرێك دەستکاری کردنی ناگونجێ! ئەرێ بۆ ئەوانەی هاواری زمانێکی یەکگرتویان لێهەڵساوە ناڵێن ئەم سرووده تەنیا دیالێکتی کرمانجی خواروەوە. بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو نووسینێکی یەکگرتومان هەبێت بە هەمان شێوە سرودێکی یەکگرتوومان هەبێت.

- بۆ پێشنیار ناکرێت لیژنەك پێك بهێنرێت لە شارەزایانی زمانو مێژوو، ئەدیبو ڕۆشنبیرو شاعیران بۆ دارشتنی یاخود هەڵبژاردنی شیعرێك کە بە ڕاستی گوزارشت لە زمانو مێژووکلتورو شارستانیەتو جوگرافیاو ئاینی نەتەوەی کورد بکات، با سروودی نوێ ناوی هەڵەبجەو ئەنفالو ڕاپەڕینو پێشمەرگەی تیابێت. کە بەداخەوە لە سروودی ئەی ڕەقیب دا ناوی پێشمەرگە نەهاتووە بەڵام ئەوانەی هاواریان لێهەڵساوە تەنیا بۆمەرامێکی شەخصی و حزبیانە، ئەگەرنا باسی زەردەشتو تاکە سەرچاوەی مێژووی (شەرەفنامە) نەکراوە لە سروودەکە، بۆ باس ناکەن؟! نەوی نوێ بۆتان، سۆران، بابان، ئەردەڵان، کۆماری کوردستان لە مهاباد، و ڕاپەڕین و پەرلەمان بناسن، با پێشمەرگەو شۆڕشەکانی شێخ سەعیدو شێخ مەحمود و نەورەسیو قازی موحەممەدو مەلا مستەفای بارزانی بناسن، چییان داوە لە میدیاو کەیخوسرەو.

* دیوانی دڵدار. چاپی دووەم ـ چاپخانەی کوردستان . هەولێر ١٩٧١.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com